لێرەدا چەند پرسیارێکی گرنگ دێنە پێش:
بۆ ئەم مەسەلەیە وا ئاڵۆزکرا؟ و ئەم کۆسپە گەورەیە هێنرایە پێش جێبەجێکردنی حوکمی ڕەوای دادگا؟ ئایا دەبێت مەرسومە کۆمارییەکە لەلایەن هەر سێ ئەندامی سەرۆکایەتی کۆمار واژۆ بکرێت؟
ئەگەر وا بێت ئەوا دادوەریی لە کۆماری عێراق — وەک دەستوور و زۆربەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق- ئیفلیج دەبێت، چونکە جێگری عەرەبی سوننی سەرکۆمار بەڕێز تارق هاشمی کە دەستپێشخەری جێبەجێنەکردنی سزادانی تاوانبارانی ئەنفالە- بە بیانووی سوپایی بوونیان - و هۆکاری پەسەندنەکردنی زۆربەی بڕیارەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانە و ڕێگری چاککردنەوەی سنووری ئیداریی شێواندراوی پارێزگای کەرکوکە (هەر بۆ ئەم مەبەستانەش لە پۆستی جێگری سەرکۆمار ماوەتەوە، هەرچەندە بەرەی تەوافوق لە حکومەت کشاوەتەوە) واژۆی ناکات و بڕیارەکەی دادگا و مەبەست و ئاکام و کارتێکردنەکانی پەکدەخات.
بەهەرحاڵ ئەم هەڵوێستەی بەڕێز تارق هاشمی نامۆ نییە، چونکە ئەو نوێنەری «بەرەی تەوافوقە»، بەرەی ناوبراویش دژی سزادانی تاوانبارانی سەر بە ڕژێمی بەعسە، دژی فیدرالیزەکردنی عێراقە، دژی ئاساییکردنەوەی بارودۆخی شێوێندراوی کەرکوکە،دژی گۆڕینی ئاڵا و دروشمی بەعسە ... . بەکورتی و کرمانجی زۆربەی لایەنی عەرەبی سوننی: دوو گرووپی بەرەی تەوافوق و گرووپی (کۆنە بەعسییانی) ساڵح موتلەق و زۆربەی ئەندامانی فراکسیۆنی ئەلعێراقییە — لە سەرووی هەموویانەوە ئوسامە نوجەیفی کە بەپێی هەڵوێست و لێدوانە شۆڤێنییەکانی، سەرسەختترین ناحەزی گەلی کوردە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق - دژی هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە ڕەگەزپەرست و تایفەگەرییەکانی ڕژێمی بەعسن و دژی سزادانی تاوانبارە بەعسییەکانن، و بە بیانووی پاراستنی یەکیەتی نیشتمانی عێراق دژی نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب و ئەنفالی کورد و کوردستانن، و بە هەنجەتی ئەنجامدانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی دژی سزادانی تاوانبارە ئیدانەکراوەکانن!
لەلایەکی دیکە سەرکۆمار، ڕێزدار مام جەلال، دژی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانی تاوانبارانە بەگشتی — لەوانە تاوانبارانی ئیدانەکراوی ئەنفالیش — لەبەرئەوەی ڕێکەوتنێکی نێودەوڵەتی دژی سزای لەسێدارەدان ئیمزا کردووە و ڕێزی ئیمزای خۆی دەگرێت. ئەم مەسەلەیە لەکاتی جێبەجێکردنی سزا دەرهەق دکتاتۆری ئیدانەکراو سەددام حسین نەبووە تەگەرە، چونکە لایەنە سیاسییە شیعییەکان سووربوون لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری دادگا، و مەسەلەی مەرسوم لە گۆڕێدا نەبوو. بەڵام ئێستا پاش هێنانە پێشەوەی مەرجی مەرسوم، مەسەلەکە بووە بە کۆسپێکی گەورە لەسەر ڕێگەی جێبەجێکردنی سزای ڕەوای تاوانبارانی ئیدانەکراوی ئەنفال واتە تاوانی قەلاچۆکردنی نزیکەی سەد هەزار ژن و منداڵ و پیاوی کوردی بێتاوان، و بووە بە تەگەرەیەکی جیددی لە سەر ڕێگەی چەسپاندنی ئاکامە یاساییەکانی سەلماندنی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسی توتالیتێر. دەبوایە دەبێت هەڵوێستی جێگری سەرکۆمار بەڕێز تارق هاشمی و هەڵویستی سەرکۆمار ڕێزدار مام جەلال لەم بارەیەوە لەبەر ڕۆشنایی دەستور و یاسا پێوەنددارەکان و دادپەروەریی دا، بەشێوەیەکی زانستییانە و دوور لە سۆز و لایەنگیریی سیاسی یان نەیاری سیاسی هەلبسەنگێندرێت:
ئەمجارەیان سەرکۆمار مام جەلال، نەک تەنیا دژی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانە بە گشتی، بەڵکو دژی جێبەجێکردنی سزای لەسێدارەدانە بەتایبەتی دەرهەق تاوانباری ئیدانەکراو سولتان هاشم، لەبەرئەوەی ئەفسەری سوپا بووە، واتە لەبەر هەمان بیانوی لایەنە عەرەبە سوننییەکان.
لەچاوپێکەوتنەکەی لەگەل ڕۆژنامەی «الاهرام» لە کاتی سەردانی بۆ میسر لەسەرەتای مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ڕابردوو دا لەبارەی تاوانبار سوڵتان هاشم ڕێزدار مام جەلال دەڵێت: «ئەو کەسێکی سوپاییە تەنیا فەرمانی جێبەجێکردووە کە لە سەددام حوسێنەوە دەرچووە» .. !
لێرەدا دەبێت بیانو و ئەنجامی ئەم هەڵوێست و ڕایانەی جێگری سەرکۆمار بەڕێز تارق هاشمی و سەرکۆمار ڕێزدار مام جەلال بە شێوەیەکی بابەتییانە شرۆڤە بکرێن:
هەمو تاوانبارانی ئەنفالی دادگاییکراو (تاوانبار سوڵتان هاشم یش)